# غەزەل

خاڵەبەکر
bakeramin@hotmail.com

لێوەکانتم لیَ مەکرۆژە..
فەرمایشتەکەی سوقرات بەهەند مەگرە..؟*
دڵنیاو ئاسودەبە،
هەر تۆیت،
بۆ داهاتووم پرۆژە..؟

خەندەشت مەشارەوە.؟
خۆشت، مەدەرە، دەست پێکەنینێکی بیَ حەوانەوە..،
مەنگیش مەبە..؟
نەبا..؟
شە پۆل و ،
هاژەو،
خووڕڕەی، بیَ دەنگیم لە پەل و پۆت خەن..،
چاوەکانتم بۆ داگیرسێنە،
تا، ڕۆشنتر سیماو ڕوخسارت ببینم..؟
داشیان مەخە،
نەبا..؟
لێکدانی پێڵوەکانت هەورە تریسکە دروست بکەن..،
وەك خۆرێکی ،
پاش بارانی ڕۆژێکی بەهار هەڵیَ،
تا، بەئاکامی دڵ..،
شەرمنانە..،
بڕوانینە پرچەکانی ئایشیَ و فاتمیَ،
فەرمایشتەکەی سوقرات بەهەند مەگرە..؟
لێوەکانم مەرەخەس کە..؟
جورئەتیان وەبەرنیَ..؟
باچیدی، نەبن بیَ نەوا.؟
تا، جورئەت کەن،
بەلێوەکانت بلێن..،
با، لێوەکانم ببنە زاوا..؟؟

***

*عاشقێك لەسوقراتی پرسی ژن بێنم یان نەیهێم، سوقراتیش لە وەڵامدا ووتی، بیهێنیت پەشیمان دەبیتەوە، نەشی هێنیت هەر پەشیمان دەبیتەوە.

.